# Peyam

www.zanayan.org

ژمارە (٦٢) یەك شەممە ٢ی ذي القعدة/ ١٤٣١ ١٨ی رەزبەری ٢٧١٠ ٢٠١٠/١٠/١٠







سەرنووسەر

## ئەوانەش شەكریان شكاند

ئەگەر رۆژنامەكەت لەرووی جەماوەرییەوە هاتە خوارەوە، یان بەرەو لاوازی چوو، یان كەس باسی نەكردی، چەند قسەیەك بە ئیسلامو موسڵمانان بڵێ بەرز دەبییەوە، یانی وەكی پیرەژنەكەی، كە كەس باسی نەكرد، پیسایی لەكانی گوندی كرد. ئەوە ئەقلیەتی هەندێك كەسو رۆژنامەیە.

رۆژنامەی چاودێر چوار لاپەرەی تایبەت كردووە بۆ قسەگووتن بە ئیسلامو موسڵمانان، نەك بە (ئیسلامییەكان)، ئەوەش پێدەچێت، ئەو سیاسەتە تایبەتە بێت، كە خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەكەی لە پەیجی خۆی لە فەیس بوك پێی هەڵدەڵێتو، شوان محەمەدیش هەر لە چاودێر دەڵێت: هەندێك لەخوێنەرانی چاودێر هەر لەبەر ئەو لاپەڕانە دەیكڕن. بەڵام پێم وایە دەبێ ئەو خەڵكەی بۆی هەڵدەپەڕن، رۆژێك پێی بڵێن: دەزانی ئێمە موسڵمانین، بۆچی هێندە سوكایەتیو دژایەتیمان دەكەی؟.

هاوڵاتیش ماوەیەكە شەكری شكاندووەو، تەوەرێكی تایبەت بە ئیسلامی كردۆتەوە، كە هەرچی قسەی ناشیاوە لەسەر ئیسلام دەگووترێت. لەوانەیە بڵێن: ئەوە تەوەرە، ئێوەش دەتوانن بەشداری بكەن، بەڵام قسەی من لەسەر نیەتی رۆژنامەكەیە، كە بە ئاشكرا دیارە بۆ لێدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، هەر بۆیەش تەنها ئەو بابەتانەی دەیكەنەوە كوردی هیچیان بابەتی نووسەرانی ئیسلامی نینو، لە بەرەی دیفاع لەئیسلام نین، تەنها بابەتی ئەوانە دەكەنە كوردی، كە دژی ئیسلامن یان ئامانجی وان دەپێكێت، خۆ وەفا سوڵتان دیمانەی خۆی بۆ هاوڵاتی نەناردبوو.

بۆیە عەلمانیەت بە قیاسی ئەوانە، بەتایبەتیش چاودێر، تەنها جیاكردنەوەی دین لەدەوڵەت نییە، بەڵكو سوكایەتیكردنو لێدانی ئایینە. دڵنیاش بن خەڵك وشیار بۆتەوە، بە ئێوە فریو نادرێت.

## غەزە: ئاهەنگێك بە بۆنەی دەرچوونی ١٣ هەزار كەس كە قورئانیان لەبەر كردووە

لەژێر ناونیشانی (نەوەی قوران ناونیشانی ئەقسایە)، وەزارەتی ئەوقافو كاروباری ئایینی غەززە، ئاهەنگێكی تایبەتو شایستەی بۆ ١٣ هەزار كەس رێكخست، كە تەواوی قورئانی پیرۆزیان لەبەر كردووە.

ئەو ئاهەنگە لەپشووی رەسمی هاویندا لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە لە چەندین خیوەتگادا بۆ هەموو ئەوانە كرا بوویەوە، كە تامەزرۆی لەبەر كردنی قورئانی پیرۆزن، لەم بارەیەوە وەزیری ئەوقافی ئەو وڵاتە ئەئكیدی لەسەر ئەو هەنگاوە پیرۆزە كردەوەو ئاماژەشی بەوەدا، كە لە هیچ شوێنێكی دونیا ئاهەنگێكی لەو جۆرەو بەرێژە زۆرە بوونی نییە، كە توانیویانە ژمارەی ئەوانەی قورئانیان لەبەر كردووە، بگەیێننە ١٣ هەزار كەس، لەهەمان كات ئەو هەوڵەی وەزارەتی ئەوقاف بۆ خزمەتی رۆڵەو گەلی فەلەستینو قودسی پیرۆزە.

جێ ئاماژەیە لەو ئاهەنگەدا سەرۆكی حكومەتی ئەو وڵاتەو، جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی تەشریعیو وەزیری ئەوقافو چەندین كەسایەتی ناودارو جەماوەرێكی زۆر ئامادەی بوون، سەرۆكی حكومەت ئیسماعیل هەنیە لەوتارێكیدا ئاماژەی بەو هەنگاوە گەورە كرد، كە هێزێكی مەعنەوەی گرنگە بۆ غەززەو قودسی پیرۆز، كە وەڵامدانەوەیەكی ئەرێنییەو تەحدایەكە، بەوەی هەمیشە ئەوان بەو دڵسۆزییەوە قورئان بەرز دەكەنەوەو چاوی دوژمنانی پێ كوێر دەكەن.

## ئافرەتێكی هەنگاری لە كوردستان موسڵمان دەبێت!



ئەو ئافرەتە ناوی سۆزان یاكویەو بە ئەسڵ خەڵكی وڵاتی هەنگارییایەو ماوەیەك بەر لە ئێستا رووی كردە كوردستان، خۆی دەڵێ: زۆر خۆشەویستیم بۆ قورئان دەچوو، كە هاتمە كوردستانیش ئەو دابونەریتەی خەڵكی كورد زۆر سەرەنجی راكێشامو بڕیارمدا موسڵمان بم.

بۆیەش رووی كردە لێژنەی فەتوا لەمەكتەبی تەنفیزی یەكێتی زانایانو موسڵمان بوونی خۆی راگەیاند، ئەو دەڵێ زۆر شادومانم كە باوەڕم هێناوەو لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامم، لە نزیكەوە پەیام چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ ئەنجامدا درێژەی دیمانەكە لەلاپەڕە (١١) بخوێنەوە.

## بەریتانیا: قوتابخانەیەكی كاسۆلیكی دەبێتە قوتابخانەیەكی ئیسلامی




رۆژنامەی (ئیندەپێندنت)ی بەریتانی لەهەواڵێكی سەرنجڕاكێشدا بڵاوی كردەوە: قوتابخانەیەكی رۆمە كاسۆلیكەكان بەناوی (دڵی پیرۆز) لەناو جەرگەی ناوچەی (لانكشایەر) لەبەریتانیا، كە زیاتر ئاسیاییەكان لەوێ نیشتەجێن، گۆڕاوە بۆ قوتابخانەیەكی ئیسلامیو یەكەمین قوتابخانەی كریستیانەكانە كە روو لەموسڵمان بوون بكات.

لەدرێژەی هەواڵەكەدا هاتووە: ١٠ ساڵ بەر لەئێستا قوتابخانەی (دڵی پیرۆز) وەك كۆمەڵگەیەكی ئاینی ناوبانگی دەركردبوو، چونكە ٩١٪ی قوتابییەكانی كریستیانی كاسۆلیك بوون، بەڵام ئێستا هەموو قوتابییەكان موسڵمانن، تەنها (٣٪) نەبێت، ئەمەیش وای لە (ئەبرەشیەی سالفۆرد)ی سەرپەرشتیاری قوتابخانەكە كردووە كە دان بنێ بە موسڵمان بوونی قوتابخانەكەو، بڵێ: چیتر ناكرێ كڵێسا سەرپەرشتیاری ئەم قوتابخانەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بۆیە دەمانەوێ وتووێژ بكەین لەگەڵ مزگەوتی ناوچەكە كە نزیكە لە قوتابخانەكەو، سەرپەرشتی كردنەكە بكاتە ئەستۆی خۆی.

## ئەڵمانیا: لەرۆژی یەكگرتنی وڵاتدا زیاتر لە ٥٠٠ مزگەوت كراوە

رێكەوتی ١٠/٣ی هەموو ساڵێك بەرۆژی یەكگرتنی ئەڵمانیا ناسراوەو، ساڵانە لەم رۆژەدا ئەڵمانییەكان ئاهەنگ دەگێڕنو، ڤیستیڤاڵو چالاكی هەمەجۆر لەسەرتاسەری وڵاتدا ئەنجام دەدەن.

وەك بەرزڕاگرتنێك بۆ ئەم رۆژەو دەربڕینی هەڵوێستی موسڵمانانی ئەو وڵاتەو، بەشداریكردنیان لەچالاكییەكانی رۆژی یەكگرتنی وڵات، ئەنجومەنی باڵای موسڵمانانی ئەڵمانیا لەوەتەی ساڵی ١٩٩٧ەوە، هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا دەرگای مزگەوتەكان دەخاتە سەرپشت بەرووی تێكڕای دانیشتوانی وڵاتو گەشتیارانو كەسایەتییەكانو، ساڵانە لەم رۆژەدا هەزارەها كەس سەردانی مزگەوتەكان دەكات، لە هەموو چینو توێژە جیاجیاكانی وڵاتو دەرەوەی وڵاتیش.

بۆ ئەمساڵیش جالیەی موسڵمانانی ئەڵمانیا لەژێر ناوی (قورئانی ١٤٠٠ ساڵەو، هەردەم نوێی ناو ژیان) دەرگای زیاتر لە ٥٠٠ مزگەوتی واڵاكرد بەرووی میوانان، كە واگومان دەبرێ ئەمساڵ ژمارەیان لە ١٠٠ هەزار كەس تێپەڕی كردبێ.

شایانی باسە چالاكیو ئاهەنگەكانی یەكگرتنەوەی وڵات، بەبۆنەی چوونەپاڵی كۆماری ئەڵمانیای دیموكراتی دێت، كە چووە ژێر پاڵی ئەڵمانیای فیدڕالی، لەساڵی ١٩٤٩ لەسەر دەستی راوێژكاری ئەڵمانی (هیلمۆت كۆڵ).

### لە فەتوایەكی جولەكەدا

## دروستە ژنانی ئیسرائیل پەیوەندی سێكسی ببەستن بۆ كاری سیخوڕی

دەزگای تاقمەكانی زانستو تەورات، كە دەزگایەكی ئایینی جولەكەیە لەئیسرائیل، فەتوای داوە، بەوەی ئافرەتانی جولەكە بۆیان دروستە پەیوەندی سێكسی لەگەڵ كەسانی داواكراو ببەستن بەمەبەستی تیرۆركردنیان یان دەستگیركردنیان.

فەتوایەكە كە تایبەت بەدەزگای هەواڵگری ئیسرائیلی مۆساد، لە فەتوایەكەدا دەگاتە ئەوەی كە دروستە ژنانی ئیسرائیل پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ كەسانی بێگانە ببەستن، بەڵكو واجبێكی ئایینیە كە ئەو پەیوەندییە ببەستن.

دەزگای ناوبراو توێژینەوەیەكی بڵاوكردۆتەوە، كە ئاری شوبات مامۆستای زانكۆ ئامادەی كردووە، رێنیشانی بۆ ئەو ژنە جولەكانە دەكات، كە ناچارن بەوەی كاری سێكسی ناشەرعی لەگەڵ پیاوانی بێگانەو، تیرۆریستان بكەن بەمەبەستی گەیشتن بەزانیاری زیندوو بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات، یان بۆ دەست بەسەر گرتنیان.

ئەو فەتوایە پتر روو لەو ژنانە دەكات، كە ژیانی هاوسەریان پێكهێناوە، بۆ ئەوەی خۆیان تەڵاق بدەن، دوای ئەنجامدنی ئەركەكەش دروستە بێنەوە لای مێردەكانیان.

فەتوایەكە تایبەت نییە تەنها بە ژنانەوە، بەڵكو رێگە بە كچەكانیشیان دەدەن، كە پەیوەندی ناشەرعی لەگەڵ پیاوانی بێگانە ببەستن بۆ كاری سیخوڕی، بۆ ئەوەش توێژینەوە جەغت دەكاتەوە، كە ئەوە شتێكی تازە نییە، بەڵكو لەمێژوودا چەندان كچو ژن لەپێناوی بەرژەوەندی گەلی ئیسرائیل ئەو كارەیان كردووە.

## مارك گراهام: ئیسلام رۆژئاوای لە دواكەوتوویی سەدەكانی ناوەڕاست دەرباز كرد

لەكتێبێكی ناوازەو، بەناوونیشانێكی سەرنجڕاكێشو شیكردنەوەیەكی مێژوویو زانستیانە، دانەرو نووسەری ناوداری ئەمریكی (مارك گراهام) باس لە: گەورەییو فەزڵی ئیسلام دەكات بەسەر پێشكەوتنو زانستو تەكنەلۆژیای سەردەمی نوێو، بەتایبەتیش لایەنی زانستی پێشكەوتووی جیهانی رۆژئاوادا.

لەكتێبەكەدا كە ناوی: (ئیسلام چۆن جیهانی نوێی دروستكرد)و، دكتۆر (عەدنان خالید) لەوڵاتی (ئەبو زەبی) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، هاتووە: لەكاتێكدا ئەوروپا لەسەدەكانی ناوەڕاست لەگەرمەی تاریكیو گێژاوی كوشتو بڕیو نەزانیندا بوو، جیهانی ئیسلامی لە هەموو رووەكانیەوە لەوپەڕی گەشانەوەو پێشكەوتندابوو، زانستو خوێندنو نووسین بە هەموو بوارەكانیەوە لەسەردەمی زێڕینی خۆیدا بووە، كە دواتر هەموو ئەم نووسینو توێژینەوەو لێكۆڵینەوە زانستیو فەلسەفیانە، بەهۆی ئالوگۆڕیو تێكەڵ بوونی رۆژئاواییەكان، لەرێگەی سنوورو دەروازەی ئەندەلوسەوە گەیەنرایە ئەورووپاو دەربازی كردن لەحاڵی ناهەمواری دواكەوتوویان.

شایانی باسە (مارك گراهام) لەزانكۆی (كۆنتێكت)ی ئەمریكی لەبەشی مێژوو و ئاین خوێندوویەتیو ماستەریشی لەسەر ئەدەبی ئینگلیزی هێناوەتەوەو، لەساڵی ٢٠٠٠یشدا خەڵاتی (ئیدگار)ی تایبەت بەنووسین وەدەست هێناوە.

## چوار چیچانی بە پێ دەچن بۆ حەجی ماڵی خوا



چوار موسڵمانی چیچانی لەخۆشەویستی ماڵی خواو رێزی پێغەمبەرەكەی (د.خ) بەیەكەوە بڕیاریان داوە: بەپێ حەجی ماڵی خوا بكەنو زیارەتی مزگەوتی پێغەمبەر بكەنو، تائێستایش هەزاران كیلۆمەتریان بڕیووە.

رۆژنامەی (ئەلڕیاز)ی سعودی لەهەواڵێكی سەرنجڕاكێشدا بڵاوی كردەوە: ٤ موسڵمانی شیشانی بەناوەكانی: (وەڕایۆڤا جوبڕائیلو، ئالتمیرۆڤ شەعرانو، ڤیتایۆڤا فەخرودینو، شیایۆڤا ویسمەرد) پەیمانیان داوە: وەك دەربڕینی خۆشەویستیەك بۆ ماڵی خواو مزگەوتی پێغەمبەر(د.خ) هەروەها وەك زیندووكردنەوەیەكی نەریتی حەجكردنی باپیرانیان، بەپێ حەج بكەنو سواری هیچ كام لەهۆكارەكانی گواستنەوە نەبن.

لەدرێژەی هەواڵەكەدا هاتووە: ئەم حاجیانە رێكەوتی ٢٠١٠/٦/١٧ لەكۆماری چیچانەوە بەرێكەوتوونو، لەوێشەوە بۆ ئازەربایجانو، پاشان بەرەو ئێرانو، دواتر توركیاو، ئینجا سوریاو ئێستایش لەشانشینی ئوردەننو عەممانی پایتەختیان جێهێشتووەو نزیك بوونەتەوە لەسنووری شانشینی عەرەبی سعوودیو، تائێستا ٣٤٠٠ كیلۆمەتریان بڕیووەو بەردەوامن لەرۆیشتن.

## دوای بڕیاری قورئان سوتاندن هەڵمەتی موسڵمانبوون زیادی كردووە



بەپێچەوانەی هەموو بۆچوونو دژایەتیو پیوەرو پیلانەكان، ئاینی پیرۆزی ئیسلام جیا لە هەموو ئاینو دروشمو ئایدۆلۆژیایەك، تا دژایەتیو ركابەری بەرامبەر بنوێنرێ شوێنكەوتووانو بانگخوازانی روو لە زیادبوون دەكەن.

وەك هەموو لایەك ئاگادارە ماوەی ٢ مانگێك دەبێ دژایەتیو هەڵچوونی نابەجێو ناماقوڵانە بەرامبەر بە ئیسلامو دروشمەكانی لەوڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەنگدانەوەیەكی زۆری دروستكردووە، كە بووە مایەی سەرنجو دڵتەنگیو گومانی سەرجەم موسڵمانانی جیهانو ئەمریكا بەتایبەتی.

بەڵام ئەوەی زیاتر مایەی تێڕامانو سەرنجە: بڵاوكردنەوەی ئاماری رێژەی موسڵمان بوونە لەخودی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، بەڵكو تەنها لە ٥ شاری ئەو وڵاتە.

(محمد ناصر) كە بەڕێوەبەری سەنتەری ئیسلامیە لەواشنتۆن، بۆ دەزگاكانی راگەیاندن ئاشكرای كردو گوتی: هاوكات لەگەڵ دەنگۆی سوتاندنی قورئانی پیرۆز بەدەستی قەشەیەكی ئەمریكیو، نارەزایی دەربڕین لەسەر دروستكردنی مزگەوتەكەی (گراوند زیرۆ)، تەنها لە ٥ پێنج ناوچەی هەریەك لەمیریلاندو ڤێرجینیاو واشنتۆنی پایتەخت، زیاتر لە ١٨٠ ئەمەریكی بە پیاوو ئافرەتو بە تەمەنی جیاواز موسڵمانبوونی خۆیان ئاشكرا كردووە.

شایانی باسە، زۆری رێژەی موسڵمانبوونی بەرچاوی ئەمریكیەكان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر زۆر بەرچاوەو، ئەمە جگە لە زۆری بوونی مزگەوت لەم وڵاتەدا، كە بەپێی ئامارەكان: تەنها لەماوەی ١٢ ساڵی رابردوودا زیاتر لە ١٢٠٠ مزگەوت دروستكراوە، بەڵام ئەم دژایەتیانەی ئەم دواییەی دەرهەق بە مزگەوتو قورئان، رێژەو ئامارو پێوانەكانی زیاترو زۆرتر كردووە.